زمانی دایک و ژنۆک.. نووسین و توێژینەوە: هەمەر نەریاوی

کلیلەوشە: زمانی دایک،زمانی ئەردوو،زمانی بەنگالی،زمانی کوردی،هەژار موکریانی،خانای قوبادی

دەستپێک: زمان بە پێناس و ناسنامەی هەموو نەتەوەیەک دادەنرێت. زمانی دایک، بە زمانی یەکەمی منداڵ دەگوترێت و یەکەم زمانیش دەتە ئژمار کە منداڵ فێری دەبێت و دەکاری دەنێت و ئاویش بریتییە لە بەشێکی سەرەکی ناسنامەی کەسەکی، جڤاکیی و چاندیی زارەک. لە ڕاستیدا زمانی دایک، بەو زمانە دەگوترێت مرۆ بە یەکەمجار فێری دەبێت، توانای بەسەردا دەشکێت، باشتر دەتوانێت پەی بئاخفێت ، بەکاری بەنێت،خەی پێ بناسێت و خاونی پێ ببینێت.
زمانی کوردییش، بە یەک لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەرگەی زەوی دانرێت کە خودانی چوار دیالێکتی دەرین و زەنگینە کە هەر کامە لەم زاراوانەیش،دەیان بنزاریان لە دەکاوێتەوە.
مژووی خەبات لە پێناو پاراستنی زمانی دایکدا مخابن بەخوێن دەنووسرێتەوە و ئەم دیرەکییەش دەگێڕێتەوە بە ساڵی 1952 و خەپیشاندانی بەنگالەکانی بن حوکمی ژەم و دەستڕاتی ئاو کاتی پاکستان کە دەیویست زمانی ئەردوو بزرەملە بسەریاندا بسەپێنێت.
ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت سەرەتا ئاوەک لە خودی پێناسەی زمانی دایک و پاشانیش گرینگیی و بایەخی زمانی دایک بداتەوە و ئاو ڕاستییەیش بخاتە بەردەم خوێنەر کە تا چەندە گرینگە مرۆ بە پاراستنی کولتوور و چاندەکەی خۆ، پارێزەری زمانەکەی بێت.
مژوویەک بە زمانی دایک:
نیوچە دووگەی هیندستان کە سەردەمی خۆی لە بن ڕکێف و حوکمی بەریتانیدا بووە،لە ساڵانی 1948-1947دا گۆڕانکی قووڵ بەخۆوە دەبینێت و چوار وڵات دەبنە خاونی کیانی سەربەخۆی خۆ. یەک لەم وڵاتانە پاکستان دەبێت کە لە بەشی ڕۆژاوای، خەڵکەکەی بە ئەردوو و بەشی زۆرهەڵاتی بە زمانی بەنگلایی یان بەنگالی قسە دەکەن. ڕۆژی 21ی فەبریوەری ساڵی 1952 شۆشەک لەو پارەی بن حوکمی پاکستان لە لایەن بەنگالییەکانەوە دەست پێ دەکات کە ئەرچی خوێن دەڕژێت بەڵام لە ئەنجامدا دەستکەات و ژەمی پاکستان پەملی زمانی بەنگالییەکان دەبێت و بە فەرمی ددان بە زمانیاندا دەنێت.

دیاکۆ هاشمی(1965)، نووسەر و زمانناس لە وتارێکدا سەبارەت بە زمانی دایک دەنووسێت: "هەموو یاسا نوێنەرایەتیەکان پاپشتی لە مافی زمانیی نەتەوەکان دەکەن. باشترین مینای لەو پوەندییەدا "جاڕنامەی جیهانیی مافی زمان"ە کە "حەسەن قازی"(1946)لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. بە نموونە لە ماددەی 26دا دەڵێت: "هەموو کەسێک مافی زمانییەکان لەبان دەوشێتەوە پەروەردەیکیان هەبێ کە دەرفەت بدا بە ئێندامەکانیان بەتەواوی زمانی خۆیان فێر بن و لەی ئابن".

(دیاکۆ هاشمی،زمانی دایک)

لە وڵاتانی زۆتر تاکەوی جیهانی سێیەمدا کە باوەڕیان بە یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک ئایدیا هەیە،لەمەڕێ ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت و دەرفەتی ئەوە بە کەمینەتەوەکانی نێو ئەو وڵاتانە نادرێت لە پەنا زمانی فەرمیدا،زمانی نەتەوەکانی دیکەیش بخوێندرێت و پەی بنووسرێت. هەر ئەم سیاسەتە چەوتە،دەنگی نەتەوە بندەستەکانی کە خودان زمانی سەربەخۆن، بەند کردووەتەوە و ئەم نەتەوانەیش لە پەناو پاراستنی زمانەکەی خۆدا تا هەنووکە خەباتێکی دوور و درێژیان کردووە و هەشتایش ئەم خەباتە هەر درێژەی هەیە و بە سەد داخەوە هەشتاکە گەلێک وڵات و ژمەم هەیە کە دەرفەتی خوێندن و نووسین بە زمانەکانی دی نێو چوارچێوە دەستکردە جوگرافیاییەکەی خۆی نادات. کوردیش، یەک لەو نەتەوە دەرینانەی مێژووی مرۆڤایەتی دەتە ئەژمار کە پاش دابەشکران لە نێوان چوار ژمەدا هەر لەو سەردەمەوە تا هەنووکە بە پاراستنی زمانەکەی خۆی خەبات دەکات و لەم پەناوەیشدا قوربانییەکی زۆری داوە لە هەرگیز دەستبەرداری زمانەکەی نەبووە و هەنووکەیش لەسەر داوا ڕەواکەی مکوڕە.

شاعیر و وەرگێڕی ناودیاری کورد"ناسر حیسامی"(1959) خاوەن شیعرێکی گەلێک ناسک و پاراو لەم پوەندییەدایە کە قسەی نێو ناخی گشت تاکێکی کورد دەکات:

مەلان کاتێک لە باغان پەل دەبەستن
درەخت کاتێک لەبەر باران دەوەستن
کە نەیزاری قەراخ گەلاو لەبەر (با)
وەکوو شمشاڵێنک،شمشاڵ بەدەستن
مرۆڤی سەرزەوی کاتێک کە شادن،
کە غەمبارن،کە هوشیارن،کە مەستن
کە گیانداران لەبەر ئازار دەناڵن
دەنا کاتێک ئەویندار و بەهەستن

هەمووی بە زمانی خۆ دەدوێ و دەخوێنێ
ئەدی بۆچی زمانی من دەبەستن؟
(زمانی دایک، ناسر حیسامی)
2ی ڕەشەمە(21ی فێبریوەری)ساڵی 1999 لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەکانەوە بە داکۆکی و پشتیوانی لە زمانی کەمینەتەوەکان و پاراستن و پێشگرتن بە فەوتانی زمانیان، بە هۆڕی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کراوە.
بەنام ئەم هۆڕە (2ی ڕەشەمە)، لە نێو هووپەلی هۆڕەمەری نەتەوەی مەدا، هۆڕی کۆچی دواییی کەسایەتییەکی نەتەوەپەروەریش کە هەموو تەمەن و ژیانی خۆی بە زمان و چاندی میللەتەکەی بەخشی.

هەژار موکریانی(1991-1921)، یەکێکە لە کەسەکە و ئەستووندەکە سەرکیەکانی پارێزەری چاند و زمانی کوردی کە لە ڕێی شیعر، وەرگێڕان و نووسینەوە، زۆترین هاژە و خزمەتی زمانەکەی کردووە. هەژار بە یەک لە خەمخۆرە هەرەقەتییەکانی ئەم زمانەیش دادنرێت، تا بڵێندەرە دڵێ:
بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم
بە کوردی دیدەم، وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بە کورد تەهەدچمەو
(بە کوردستان، هەر کوردم، ل21)
لەسەر مەڕووی هۆڕی جیهانیی زمانی دایک، گەلێک پێتووک نووسراوە و بە سەدان وتاری زانستییش بەاو بووەتەوە. بۆیە بە پێویست نازانم پتر لەسەر ئەم پرسە بڕۆم.
ئەوەی بە لای منەوە گرینگە و پێویستە هەوەستەی لەسەر بکرێت، سیاسەت و پلانی فەرهەنگییە کە زمان بە کەسەکە سەرکیەکەی لەقەڵەم دەدرێت و گەرەک کورد لە ڕێی سیاسەتێکی هوونی فەرهەنگییەوە، هەر لە ژێرخانەوە دەست پێ بکات و پەروەردەی بنەڕەتی بەهەند وەربگرێت. ئەگینا دواتر ئاڵوزستانێک چێ دەبێت و هەر یەکە و لە سووچێکەوە (بە ناوی زمانی دایک)، بە تۆرەکەی دەستی، پەل و پێی دارەکەی دەبەستەوە. کەس دژ بە فرەزاراوەیی و ئاوەدانەوەی هەرەقەتی لە دیالێکتە هەرە دەوەمەندەکانی زمانی کوردی نییە و بگرە لەسەر هەموانیشە بەهەندیان وەربگرین.
ئەمە ڕاستییەکی هەژنەرە کە هەر لە تەنیشت خامانەوە بە دڵیان و بگرە سەدان زانستوەری کوردمان پێ شک دێت کە هەرگیز زمانی نەتەوەکەی خۆ، هۆڕێک لە هۆڕان نەبووەتە خەم و پەرەشیان. تەنانەت زەر جار لە کۆ و کۆنفرانسەکانیشدا سووکە بە لای زمانەکەی خۆدا

تەدەپڕان کە گوایە،زانستیی نییە. نابژن بە خۆ هەرگیز توانای نووسینی وتارێکی زانستییمان بە زمانی خۆ نییە.
پێ ووتن شتوو هزرینی بشێک لە مرۆی زانستواری کورد لە بن کارتێکەری زمانی سەردەستدایە و تا ئێستا نەیتوانیوە خۆ لە بن هەژموونی ئەو زمانە دەرباز بکات. چونکە هەشتاکە لەژێر سێبەری ترسناک و بەری پەروەردە بە زمان و ئاقییەتی زاڵ و سەردەستدایە و بە خەیشی باوەیی بە خۆی و ناسنامەکەی نییە.

بەڵام با بزانین زمانی دایک چلۆن پێناسە دەکرێت و بۆچ گرینگە بەم زمانە بخوێنینەوە و بنووسین؟
وشەی دایک،لە باری زمانییەوە مەبەست هەمان سەرچاوەیە؛ بۆیە زمانی دایک، هەمان زمانی باوباپیرانی مرۆیە. بە واتایەکی دی،زمانی دایک،بەو زمانە دەگوترێت کە مرۆ یەکەمجار فێری دەبێت،توانای بەسەردا دەشکێت،باشتر دەتوانێت قسەی پێ بکات،بیرکاری بکات،خۆی بناسێت و خەونی پێ ببینێت.
بە زمانێکی دی،زمانی دایک،زمانی یەکەمی منداڵ و یەکەم زمانە کە زاڵەکان فێری دەبێت و دەکاری دەنێت و ئاویش بریتییە لە بەشێکی سەرەکی ناسنامەی کەسەکی، کەمایەتی و چاندیی زارەک.

ئەی بۆچ زمانی دایک گرینگە؟
چونکە،زمانی دایک،شوناسی نەتەوەیە.هەکارە بە ڕەنگدانەوە و وەرگرتنی دابونەریتی کەمایەتی نەتەوەکەی. لە ڕێی زمانی دایکەوە،منداڵ دەتوانێت باشتر خۆی بناسێت و هەست بە ناسنامەی بکات و باشتر دەتوانێت تواناکانی دەربخات. هەکارە بە فێربوونی زمانی دووەم و هەروەها کرانەوەی بە ڕووی ناسینی زمانی نەتەوەی تردا. دەنگی دایک و سەزی،وا لە منداڵ دەکات لە بیرکردنەوە و فێربووندا کاراتر و چالاکتر بێت.
بە گوێکردن،منداڵ پەیوەستی بە سەز و خۆشەویستیی دایک و باوک هەیە و ئەمەیش لە ڕێی زمانەوە دەگوازرێتەوە.
پەڕوفیسەر "کاتلین هۆگ"،زمانناس دەڵێ: "لە ڕێی زمانی دایکەوە دەتوانیت باشتر هەست و نەستت دەربڕیت".
دوکتەر "موحەممەد ئاقازادە"(1347ی هەتاوی،1968)تووژەر و ئاوێژکاری پێشووی بەشی فێرکاری لە بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوەکان،دەڵێ: "ئەوەی زمانی یەکەمی،زمانی خوێندنگە نییە،لە قوتابخانەدا تووشی نائەمنیی و ناهەوریی لە باری سەزداریی و عاتیفییەوە دەبێت".
"ئیسمایل بەشکچی"(1937)،کەمەناسی تورک و گەورە داگیرکاری مافی کوردان،دەڵێ:"ئاگەر بتەوێت نەتەوەیەک سڕشەوە و کۆیلە و بێناسنامە

بێت، پەیوستە ئەلفبێی ئاو نەتەوەیە لەناو ببرێت و، ئەگا نەدرێت بە زمانی دایکیی خێی بدوێت".
شاعیری گەلپەروەری کورد، عەبدوللا پەشێو (1946) یش دەبێژێت: "زمان، شێرفمانە، ناموسمانە، غیرەتمانە، هەموو شتێکمانە".

ئەنجام:
زمان بە پێناس و ناسنامەی هەموو نەتەوەیەک دادەنرێت. مێژووی خەبات لە پێناو پاراستنی زمانی دایکدا مخابن بەخوێن دەنووسرێتەوە و ئەم دیرەکەیش دەگێڕێتەوە بە ساڵی 1952 و خەپیشاندانی بەنگالەکانی بن حوکمی ئیم و دەستەڵاتی ئاو کاتی پاکستان کە دەیەویست زمانی ئاردوو بزارملە بسەریاندا بسەپێنێت. بەڵام سەرەنجام ئیمی ئاو کاتی پاکستان ددان بە زمانی بەنگالیدا دەنێت و ئەم زمانە مافی خێی وەردەگرێت. ئەکخراوی نەتەوەکانیش بە داکەکی و پشتیوانی لە زمانی کەمەنەتەوەکان و پاراستن و پێشگرتن بە فەوتانی زمانیان، ئەژی 21ی فەبریوەری ساڵی 1999 بە ئەژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر دەکات. زمانی کوردیش، بە یەک لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەرگەی زەوی دانرێت کە خودانی چوار دیالێکتی دێرین و زەنگینە کە هەر کام لەم زاراوانەیش، دەیان بنزاریان لە دەکەوێتەوە. جگە لە پارێکی کوردستان (باشوور) ئەم زمانە هەرگیز بە فەرمی ددانی پێدا نەنراوە و دەرفەتی خوێندن و نووسین بەم زمانە نەدراوە کەچی سەرباری هەموو کەسپ و تەگەرەکانی بەردەم، توانیویەتی خێی بپارێزێت.
فرەزاراوەیی لە نێو زمانی کوردیدا ئاستە زەر جار سەرئێشە دروست دەکات بەڵام سەرئێشەیکی شیرینە و گەر بە شێوەیکی ئاوەزمەندانە و بە بیرەکی نەتەوەییەوە سەیر بکرێت، دەتوانێت فاکتەرێکی بەهێز بە یەکگرتوویی نەتەوەییش بێت. لەڕاوە ئەرکی ئەمەی کورد لەم سەنگاوە گەلێک قورستر دەبێت کە پەیوستە لە پێنا ناساندنی دیالێکتێک بە زمانی فەرمی، ئاو دەرفەتەیش بە شێوەی یەکسان بخرێتە بەردەم ئاخاوەرانی زاراوەکانی دیکەیش کە هەر کام لە چوارچێوە جوگرافیاییەکەی نیشتمانەکەیدا بە دیالێکتەکەی خێی بخوێنێتەوە و بنووسێت تا هەموو پێکەوە ئاگری خودی کەڵەکە سەرکیەکە بن کە ئاویش زمانی کوردیە و هەر لەم ڕەگیشەوە دەتوانین هەستی نەتەوەیی لە نێو ناخماندا بەندتر بکەینەوە و هەرگیزیش بەدیدەی هەڕەشە و مەترسی چاو لە هیچ کام لە دیالێکتەکانی زمانەکەمان نەکەین.
بە هەموومان وەک خانای قوبادی (1704-1778) چاو لە زمانەکەمان بکەین:

ڕاستەن مواچان فارسی شکڕەن
کوردی جە فارسی بەڕە شیرینتڕەن
پەی چەش؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکەش
مەحزووزەن هەر کەس بە زوبان وەش
(خوسرەو و شیرین،ل14)

ژێدەر:
1 – ڕەژی نەونەوەیی زمانی دایک،دیاکۆ هاشمی،ماڵپەڕی یاگەی زمانی کوردی
2 – ڕووپەڕی ناسر حیسامی لەسەر تەڕی فەیسبووک
3 – بۆ کوردستان،دیوانی هەژار،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی چوارەم،هەولێر،2001
4 – ڕۆژنامەی شەرق و ماڵپەڕی ئەسغەر زارع کەهنموویی asgharzareh.ir ،شەممە 3ی هەشەممەی 1392ی هەتاوی
5 – ڕۆژنامەی "شەرق"،ژمارە 1471 ،ڕۆژی 3/12/1390،لاپەڕەی 19
6 – گۆڤاری بەیان،ژمارە 17،جۆلای 2021،بەچ دەبەت بۆ کوردی بخوێنینەوە و بنووسین،هەمەر نەریاوی
7 – خوسرەو و شیرین،خانای قوبادی،لە چاپکراوەکانی کۆی زانیاریی کورد،بەغداد،1975
و هەروەها چەندان ڕووپەڕی دیکە لەسەر تەڕە جڤاکییەکان

گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەندی د.جەنگی جەلال.. هەڤپەیڤین – کامەران حاجی ئیلیاس

هونەرمەند د.جەنگی جەلال: ماوەی 8 ساڵ وەرشەی دروست کردنی ئامێری عودم هەبوو لە وڵاتی میسر
د.جەنگی جەلال: ئەنجامدانی کۆرنەڤاڵی عود دەبەتە نوێبوونەوەو ناساندنی بەشەوازێکی ئەکادیمی لە نێو ژەنیاران و کۆمەڵگا
د.جەنگی جەلال: ئامێری عود ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە لەسەر موزیکی کوردی

هونەرمەندی بواری موزیك دکتەر "جەنگی جەلال "ساڵانەکە لە بواری موزیك بەتایبەتی لە بواری ئامێری (عود) ئاسپی خۆی تاو داوە توانی بەوانامەی دکتەرا لەسە ئامێری عود لە وڵاتی میسر بەدەست هێناوە، ساڵانە لەسەردەستی ئەو چەندین قوتابی لەبەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر بەوانامەی دبلۆم بەدست دەهێنن تائێستا حەوت کەرنەڤاڵی (عود)ی ئەنجام داوە بە زیاتر ئاشنا بوون بە کارو چالاکییەکانی ئێم هەڤپەیڤینەمان لە گەڵ سازدا.

- **سەرەتا ئەگەر بکرێت کورتەیەك لە وەستگەکانی ژیانی هونەری خۆت بە خوێنەرامان باس بکەیت.**

ـ ناوی تەواوم جەنگی جەلال حەسن ،هەڵگری بەوانامەی دکتەرا لە بواری موزیك، لەبنەماڵەیەکی فەلکلۆریست پەروەردە بوویمە ،هەموو کات باوکم خۆریکی کەکردنەوەی ئەدەب و هونەری کوردیە بووە، بە واتای کەکردنەوەی لاوك و حەیران و بەسەرهاتی میللی و فەلکلۆری کوردی، بە پاراستنی ئەرشیفی کوردی، بۆیە هەر لەبەر ئەوە ئەو هەستە بەمان دروست بووە کە هەچکەی باوکم بگرم، بچمە نێو جیهانی هونەری و پێش بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکان خۆم فێری ئامێری ساز کرد.

- ***لەنێو ئامێرەکانی موزیك بەچی ئامێری (عود) دت هەبژراد؟**

ـ هەکاری هەبژاردنی ئامێری عود دگەڕێتەوە بە ئەوەی کاتێ چووم پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، ئامێری ساز لە بەشی موزیك نەبوو، بۆیە ئامێری عودم هەبژارد بە ئەوەی پڕە بە خوێندنی موزیك بدەم، هەروەها حەزیشم بە ئەو ئامێرە هەبوو، چونکە ژێدار بوو ،وەك ئامێری ساز، ئاشناییم لەگەیداهەبوو، ئامێرەکی نامە نەبوو بە من.

- **مەژووی ئامێری عود بەکەی دگەڕێتەوە؟ شوێنی لێدایك بوونی ئامێری عود کوێیە؟**

ـ بە پێی توێژەری ئەلمَانی (شتاودر) رەچەڵەکی ئامێری عود دگەڕێنیتەوە بە نێتەوەی کورد کە پشتی بەستوە بە پاشماوەی کەل و پەلی کۆنی دانیشتوانی چیاکان کە لە کاشی، حوسی، خوری، سوباریەکان پێك هاتوون کە لە دەریاچەی وان تا دگاتە باکووری عێراق، کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینی ژیاون. هەروەها توێژەی (جۆن ریمەر) بەهەمان شێوە ئامێری عود دگەڕێنیتەوە بە دانیشتوانی هەمان ناوچە،

بەتام تۆژرانی تر رای جیاوازیان هەبووە بە نموونە تۆژرانی میسری مژووی عود دگرنیتوە بە میسریە کنکان ،وە تۆژرانی عربی عراق ئامری عود دگرنوە بە سردمی ئکدیکان ،کچی تۆژری ئمریکی (کامب بل) دتت عود لە کاتکی درنگ گشتە لای ئاشوری سامیکان.

[illegible] 8 [illegible] -

بابزانین نامی دکتراکت لسر چی بوو؟

نامی دکترام لسر تکنیکی ژنین ئامری عود لە هندك وڵاتانی رژهلاتی ناوراست، تۆژینوەیکی بڕاوردی بوو.



*** هندك لە ژنیارانی عود گرانکاری لە تکنیکی ژنینی عود دا دکن،دتوانیت ئاماژە بە ژنیارانە بکیت کە خاونی ئم سیفتانن؟**

- سبارت بە گرانکاری لە بواری تکتیکی عود دا، "شریف محی الدین" بناغیکی باشی بە ئو ئامرە دانایو گرانکاری یشیی بووە لە سردمی نو، لە سای1936 قوتابخانیکی عودی دامزراند لە بغداد کە بشکی زری ژنیارانی بتوانا لە ژر دستی ئو پروردە بوون ،وك منیر بشیر ،جمیل بشیر، سلمان شاکر ،غانم حداد.. دتوانین بڵین گرانکاری ریشیی بوو لە عود دا ،چونکە شوازی ئکادیمی وەرگرت ،دواتر هر یك لو چند کسی باسمان کرد بوونە قوتابخانی تری عود ،میتد و شوازی عودیان گری.

*** ماوی حوت سات تە کرنقاڵی عود لرگای قوتابییکانت ئنجام ددیت، ئامانج لە ئنجامدانی ئو کرنقاڵدا چییە؟**

نیازتان وایە ساڵانە بەبردەوامی ئەنجامی بدەن؟

ـ ئەنجامدانی کەرنەڤاڵی عود دەبێتە نوێبوونەوە لە بواری گۆشەسەندنی ئەو ئامڕازو ناساندنی بەشەوازێکی ئەکادیمی لە نێو ژەنیاران و کەمەگا ،چونکە ئامانج بە ژەنیارانی عود دروست دەکات کە ساڵانە بە ئاراستەیەك بەرەو بەهرەمەندان و ژەنیاران زیاتر کار لەسەر بوژانەوەی موزیك بکەن .

هەواتر ئەو کەرنەڤاڵە دەبێتە شارەزابوون و ئەزموون بە قوتابیان و ژەنیارانی بەشدار بوو ، بە پێی توانا هەوڵم داوە ئەو کەرنەڤاڵە ئەنجام بدەم بەمەستی بوژانەوەی لایەنی هونەری لە نێو کەمەلگا ئەمەاوەی حەوت ساڵە ئەم کەرنەڤاڵە سازکەین هیودارم بەردەوام بین .

ـ بە بەچوونی ئێوە،تیپە موزیکییەکانی کوردستان تاچەند گرنگی بە ئامڕی عود دەدەن؟ ئامڕی عود ئامڕێکی سەرەکییە، ئەو ئامڕە ڕەسەنەی خەیە لە کاتی ئێستا لە نێو تیپە میللییەکان ، بە تایبەتی لەسەردەمی دامەزراندنی تیپی هەولێر لە کۆتا ساڵانی 1970 کە هەردوو هونەرمەند (وریا ئەحمەد، رزگار خۆشناو) ئەو ئامڕیان بە شەوازێکی جوان بەکارهێنا وای کرد فەرمەکی جوان بە تیپە میللییەکان ببەخشێت، بەیە تا ئێستا ئەو شەوازە جوانە ڕەنگدانەوەی لە نێو تیپەکان تری کوردستان هەیە، هەروەها لە زاخەش کەمەلێك هونەرمەند وەك (سەباح زاخەلی ،سمیر زاخەلی) گرنگی زۆریان دا بەو ئامڕە بە تایبەتی لەگەڵ گۆرانی بێژان (ئەردەوان زاخەلی ،ئەیاز زاخەلی) بەجۆرێك کە ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە لەسەر موزیکی کوردی. پڕۆژەی داهاتووتان چیە؟

ـ پڕۆژەی داهاتووم ئەگەر کات بگونجێت، میتەدێکی عود دروست بکەم بە سوود وەرگرتن لە میلەدیە کوردیەکان تا فەرخوازان گوێچکەیان لەسەر میلەدی کوردی پەروەردە بێت .

هەڤپەیڤین – کامەران حاجی ئەلیاس



کتێب: زمان\بون\شیعر.. نووسینی عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

(خوێندنەوەیەک بۆ ئەزموونو تایبەتمەندیی شیعری هاشم سەراج)

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Mutalib_ZmanWbunDownload

دوکانێکی تاڵ خەیات.. ستیڤان شمزینی

نوستالیژیا
بەشی دووەم

دوکانێکی تاڵ خەیات

من بە درێژایی نەوەدەکان، کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بووم. لە حزبدا هەر کارێک پێم درابێت، بە سێ و دوو، بە ئەنجامم گەیاندووە. هەرچەندە دەروێش نەبووم و بەردەوام رەخنە و بۆچوونی جیاوازم هەبووە، تەنانەت بە بەکار ناوزەد دەکرام، بەڵام لەو بڕوایەدام زۆربەی هاوڕێیان گەواهیی ئەوەم بە دەدەن، زۆر دڵسۆزانە، ئەوەی لە توانامدا بووبێت درێغیم لە بردنە پێشەوەی ئەرکە حزبییەکاندا نەدەکرد. بەم بۆنەوە توانیبووم پلەیەک بە خەم دروست بکەم. لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٠ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ژێر فشاری ئێران، زنجیرەیەک گووشاری بە سەر حزبی کۆمۆنیست دروستکرد. یەکێک لەوانە هەوڵدان بوو بە دادگاییکردنی حزبی کۆمۆنیست، بە چەند پاساوێکی سەیر، لەوانە: داوای سەربەخۆیی کوردستان و ئەنجامدانی ریفراندەم بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستان. هەر لەو سەوبەندەدا بزووتنەوەی ریفراندەم لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات چالاکیی زۆری ئەنجامدابوو، دەتوانم بڵێم بە پلەی یەکەم، "ئاسە کەمال" ببووە سیمای بزووتنەوەکە.
حزبی کۆمۆنیست توانی لە ڕێگەی هاوپشتیوانی ڕێکخراوە چەپەکان و سەرنجڕاکێشانی ڕێکخراوە نەوەوەیی و لێکاییەکان، دژە گووشارێک بە سەر یەکێتی دروست بکات. ئەمەش تارادەیەک پاشکۆیی بە ویستی یەکێتی کرد بە دادگاییکردنی حزب و سەرەنجام هەڵوەشاندنەوەی. لە کۆتایی مانگی حوزەیران گووشارەکانی یەکێتی فەرمێکی تری بە خۆوە گرت، ئەویش لە ژێر بیانووی بردنە دەرەوەی بارەگای حزبەکاندا، گووشار خرایە سەر حزبی کۆمۆنیست، تەنانەت ئاو و کارەبای بارەگاکان بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا بڕدران. حزب زنجیرەیەک کاردانەوەی هەبوو، چەند خۆپیشاندان و پرۆتێستەکمان لە شاری سلێمانی ئەنجامدا، بەڵام یەکێتی بە تەقەکردن و لێدان و تووندوتیژیی وەڵامی خۆپیشاندانی هەمنانەی ئێمەی دایەوە. من خەم یەکێک بووم لە خۆپیشاندەران و شایەتم لەسەر کەی ڕووداوەکان. لە چەند ڕۆژی یەکەمی مانگی تەمووزی ٢٠٠٠ بە ڕوونی ئەوە دەبینرا، یەکێتی نیازێکی خراپی هەیە و ڕەنگە پلاماری بارەگاکان بدات بە هەزی سەربازیی، ئەم بۆچوونە ڕاست دەرچوو، چونکە ڕۆژی چواردەی تەمووز هێزەکانی یەکێتی پلاماری ئۆتۆمبیلێکی حزبی کۆمۆنیستیان دا و پێنج کادری تێکۆشەر لەو پلامارەدا گیانیان بەختکرد. پاشان بە هەزی ئاسایش و میلیشیاکانی تری یەکێتی گەمارۆی کەی بارەگاکان درا، کە لەو کاتەدا لە ناو بینای رادیۆی حزب بووم لە گردەکەی نەوان گەڵەکی بەختیاری و زەرگەتە "سلێمانی".
بەم شێوەیە و بە زەبری هێز یەکێتی بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەندیکای بەرگریی

منداڵان و یەکێتی خوێندکار و لاوانی ئازادی لە شاری سلێمانی دەستبەسەردا گرت. ئیدی ئەو ماوەیە زیندانەکانی ئاسایش و بنکەکانی پۆلیس لە ئێندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی جمێیان دەهات. ئەمەش کۆتینە خەشاردنەوە. من لە شەوی ١٨ی تەمووز لە خواردنگەیەکی سەهۆڵکە لەلایەن ئاسایشی رزگاری دەستگیرکرام بە فەرمانی ملازم "بەرزان". لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەر بەردەوام بووین لەسەر کار و چالاکیی خەمان بەشەوی نهێنی. لە سەرەتای مانگی ئاب، شەوێک بە بەیاخ سەر دیواری شوێنە گشتییەکانی شارمان نووسی، زەربەشیان دروشم بوون لە دژی تیرۆرکردنی ئەو پێنج کادرە و قەدەغەکردنی حزبی کۆمۆنیست. جگە لەمەش بەردەوام بە نهێنی بەیاننامە و بەاوکراوە و رۆژنامەکانی حزبمان بەاودەکردەوە بە تایبەت لەناو ئەو کەسانەی جێگەی متمانە بوون. لەو سەروەختەدا، دوکانەکەی هاوڕێ "تاڵب" کە دوکانێکی بچووکی بەرگدروو بوو، لە پشتی بازاڕی گەورەی سلێمانی لەسەر شەقامی کاکە ئەحمەدی شێخ، ببووە مەکەی سەرەکی بینینی هاوڕێیان و هەروەها زەربەی بەیاننامە و بەاوکراوە و رۆژنامەکان لە دوکانەکەی ئەودا دەشاردرانەوە و لە بەرەوە لێیان دەبرا و دابەش دەکران.
هاوڕێ تاڵب، مرۆڤێکی روح سووک، لە رووی تەمەنەوە، لەم گرووپە گەنجەی وەک ئەمە بەتەمەنتر بوو، زۆر رەزی هەبوو لە قەیسەریەکەدا، زۆرێک دوکاندارەکانی گوزارەکە بەویان زانیبوو دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب، بووتە مەکەی یەکتر بینین و گەنجینەی بەاوکراوە و ئەدەبیاتی حزب، تەنانەت بەاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیش، لە چەشنی "ئینتێرناسیۆنال" لە دوکانەکەی ئەو دەستدەکەوتن، بەڵام ئەو دوکاندارانە هەندە رەز و خەشویستیان بە تاڵب خەیات هەبوو، نەک بەدەنگ ببوون، بەڵکو زەربەی جار دەبوونە هاوکارمان و هەواڵیان دەداینە لەسەر بوونی ئاسایش یان پۆلیس لە نزیک گوزارەکە. من لەو بارودۆخەدا، هەمیشە پێیەکم لە ماڵەوە و پێیەکی ترم لە دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب بوو. رۆژانە دەچووم ئەوە، هەر بەاوکراوەیەکی تازە هەبوایە وەرمدەگرت، هەروەها دەیان نوسخەی ترم بە دەست و هاوڕێکانم وەردەگرت، کە دەیانویست ئاگایان لە سیاسەتی ئەمە بێت، چونکە ئاسایشی یەکێتی، رۆژنامەی بەپێشەوە، دواتریش ئۆکتۆبەری لە ریزی تریاک و حەشیشە دانابوو، بەدەستی هەر کەسەوە بگیرابایە، بە سێ و دوو، بەرەو فەلاقاخانەکەی ئاسایش دەبرا. بەیەکەم کەس هەبوو ئازایەتی ئەوەی هەبێت تەنانەت بە نهێنیش بەاوکراوە و بەیاننامەکانمان وەربگرێت، مەگەر ئەو کەسانەی زۆر لەمانەوە نزیک بوون.
ئێستا بیرم دێتەوە، هەمیشە ٥-٦ کەس لە هاوڕێیان لە دوکانەکەی

هاوڕێ تاهیر ئامادەبوون، زۆرجار قسەو دیالۆگ ئاوەندە درێژی دەکێشا، ڕۆژ ئاوا دەبوو. بەهەی ئەو قەرەباغییەشەوە هیچ کەس بە تایبەت ئافرەتان ڕوویان نەدەکردە دوکانەکەی. بەکورتییەکەی لە کار و کاسبیمان کردبوو. هەندێک جاریش تووڕە دەبووین و دەنگمان بەرز دەکردەوە و قسەمان بە دەسەڵات دەوت، کاک تاهیر بە لەسەرخۆییەکەوە دەیووت، هاوڕێیانی ئازیز کەمێک دەنگتان نزم بکەنەوە، هەر ئێم کونەمان هەیە، با ئەویش لە دەست نەدەیت. قسەکەشی ڕاستبوو، چونکە دوکانەکەی ئەو ببووە بارگایەکی نافەرمی حزبی کەمۆنیست لە چەقی بازاڕدا. بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٠ ئەوە حاڵی دوکانەکەی هاوڕێ تاهیر بوو، من دوای ئەوە سەفەرم کرد، ئاگام لەو ڕووشە نەما، بەڵام دەمزانی دواتریش ڕووشی دوکانەکەی هاوڕێ تاهیر بە بەراوورد بە ئۆکاتەی لە ناوەڕای وڵات بووم، عەینەن تاس و حەمام بوو. پەموایە ئەو ماوەی دوو ساڵێک زیاتر درێژەی کێشا. پاشان من لە ٢٠٠٤ بە تەواوەتی وازم لە حزبی کەمۆنیست هێنا، ئیدی ئاگام لە چالاکی حزب و دوکانەکەی هاوڕێ تاهیش نەما، بەڵام دوای دوو ساڵ لە وازهێنانم لە حزب "٢٠٠٦" کاتێک ویستم گوزارێک بەناو ئەو قەیسەرییەدا بکەم کە دوکانەکەی هاوڕێ تاهیری تێدابوو، زۆر شت گۆڕابوو، هەم قەیسەرییەکە گۆڕابوو، هەم دوکانەکەی هاوڕێ تاهیر نەمابوو، تەنانەت لەم ماوەیە جارێکی دیکە ڕێگەم کەوتەوە ئەو قەیسەرییە تەنانەت نەمتوانی دوکانەکەشی بدۆزمەوە، ئاخر هەموو شتێک لە گۆڕاندایە.
ئێستاش بیر لەو قۆناغە دەکەمەوە، کە ١٢ ساڵێک پێش هێنووکەیە، هەستێکی سەیرم لا دروست دەبێت، جگە لەوەش درک بە ماندووبوونی خەم دەکەم،. هەم بەزارییەکی گەورە سەرتاپا دامەدپێشت کە هەمیشە مەحکوم بووم بە یارییەکی سیزیفی و هەشتاش لەو بەوایەدام هیچم نەبووە بە هیچ. هەم بیر لە مرۆڤێکی وەک هاوڕێ تاهیر دەکەمەوە، هەوایەکی فێنک بە دەمدا گووزار دەکات. ئۆگرچی ئەو زەمەنە بە ئەمە زۆر تاڵ بوو، کەچی وەختێک دێتەوە ناو یادەوەرییەم، هەست بە شادییەکی سەرسوڕهێنەر دەکەم.

تێبینی: ئەم بەشەی نوستالیژیا لی بەرگی سێیەمی کتێبی (قوتووی عەتار) لە لاپەڕە ٥٤٠-٥٤٣ بەشەوەی کتێبی کاغەز بەاوکراوەتەوە.

دەربارەی ڕۆمان و ڕۆمانی هەرزەکاران.. ڕەزا شوان

زاراوەی ڕۆمان کە بە زمانی ئینگلیزی (نۆڤیل)ە، لە زمانی ئیتالیش (نۆڤیلا) یە، کە لە کەی وشەی (نۆڤێلەس) وەرگیراوە، لە ڕۆچەکیشدا وشەکەیەکی لاتینییە، بە واتای (نوێ) دێت. وشەی (ڕۆمان) یش، وشەیەکی فەرەنسییە. لەم زمانەوە بەاوبۆتەوە. لە ئێستادا بەشێکی زۆری زمانەکانی جیهان بە زمانی کوردیشەوە، بە ئەم ژانرە ئەدەبییە وشەی "ڕۆمان" بەکاردەهێنن. لە سەدەی هەژدەمدا، وشەی (ڕۆمان) زیاتر بۆ ئاماژەکردن بە کورتە چیرۆکی خۆشەویستی و پیلانگێڕی بەکاردەهێنرا. لە ماوەی (٢٠٠) سەد ساڵی ڕابردوودا، ڕۆمان بووە بە یەک لە فۆرمە ئەدەبییە گرنگەکان. بەناوبانگترین و گرنگترین ژانری ئەدەبی ئەم سەردەمەیە.

باسکردن لە ڕۆمان، باسکردنە لە جۆرێکی گرنگ و باو و بەهاوی ئەدەبی، کە لە ئەمڕۆدا شوێنکی بەرزی لە ئەدەبدا هەیە. ڕۆمان لە چیرۆک درێژترە و لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازی لەگەڵ چیرۆکدا هەیە. لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەبیشدا جیاوازی هەیە. جیاوازی ڕۆمان لەوەدایە، کە چێژ و خۆشی و جوانی هونەر و زمان و ئەندێشە و فانتازی و ئەفسوونی لێخەگرتووە. باس لە کێشەکانی ژیان و ململانێ لەنێوان باش و خراپ و شەڕ و ئاشتی و لە هێوا و لە خوونەکانی مرۆڤ دەکات. ڕۆمان خوێنەران دەهێنێتە ناو جیهانێکی بەرینەوە، وایان لێدەکات دەست لە خوێندنەوەی هەڵنەگرن تا بزانن ڕووداوەکان بە کوێ دەگەن و بە چی کۆتاییان دێت.

ئەگەرچی هەندێک لە تۆژەرانی ئەدەب، پێیانوایە کە ڕۆمان هونەرێکی داهێنراوی تازەیە و لە ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە. بەڵام لە ڕاستیدا مێژوویەکی دانەبەاوی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ. ڕەسەنایەتی سەرهەڵدانی ڕۆمان بۆ یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە مشتومڕ لەسەر ڕچەکێک و ڕەسەنایەتی هەیە. سەرەتای ڕۆمان هەرچییەک بێت، تا دێت بەرەو ناوبانگ و بەرزبوونەوەی زیاتر دەچێت. ڕۆمان بەشێکە لە کولتووری مرۆڤایەتی هەر وەک یەکێک لە نموونە هەرە بەناوبانگ و بەنرخەکانی کولتووری مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە.

هونەری ڕۆمان، یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییە فرە بەرباوەکان. بە هەی زۆری ڕۆمانناووسانەوە بەت یان زۆری هەواداران و خوێنەرانی ڕۆمان بەت. ڕۆمان بە گرنگترین ئامرازی زانستی و ڕۆشنبیری دەزانرێت. ئامانج لە بەر ئاوەی کە پرس و کێشە کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسی و مرۆڤایەتییەکانی لەخۆگرتوون. ڕۆمان هونەرێکی پڕ لە زانیاریە، کە خوێنەران دەوڵەمەند دەکات.

ڕۆمان چییە؟

ڕۆمان هونەرێکی ئەدەبی نووسراوی درێژە، ژانرێکی گرنگ لە ژانرەکانی ئەدەب. دەقێکی گەورەی خەیاڵئامێزی دوورودرێژە، لە ڕێگای گێڕانەوە (ڕامانووسەوە) بە نووسین دەگەیەنرێت. ڕۆمان لە زنجیرە ڕووداوێک یان لە زنجیرە چیرۆکێکی یەک لە دوای یەک پێکهاتوە. لەسەر بنەمای خەیاڵ دامەزراوە. ڕۆمان داڕێژراوەکە، تێدا کەسێک ڕەگەز بەیەکەوە گرێدراون. بەپێی ڕۆمانەکە، پەیوەی لە ڕیزبەندی لە لێکۆڵینەوەکانی ڕووداوەکان دەکرێت. باس لە ژیانی پاڵەوان و کارەکتەرە جیاوزە خەیاڵییەکان یان ڕاستییەکان دەکات. لە چەندین ڕووداو و لە چەندین کات و شوێنی فراواندا دەکات. ڕۆمان بەرهەمی ئەزموون و خەیاڵی بەپیتی مرۆڤە. لەوانەیە ئیلهامی نووسینی ڕۆمان لە سەرچاوەیەک یان زیاتر وەرگیرابێت. بەڵام سەرچاوەی چوارەم و دوایەمین خەیاڵە. بگومان خەیاڵ ڕۆحی سەرەکی و گرنگی لە داشتنی هەموو ڕووداوێکدا هەیە. ڕۆمانی کورت و ڕۆمانی درێژ هەیە. ڕۆمانی کورت لەنێوان (٣٠٠٠٠ بۆ ٤٠٠٠٠) وشەیە. سەروتری ئەم ژمارەیە، بۆ ڕۆمانی درێژ دادەنرێت. هەریەکەش لەم چەشنانە گوزارشت لە زەین و هزر و لە روانینی ڕامانووس دەکەن.
ڕۆمان بەدرێژایی سەردەمە ئەدەبییەکان، بەشداریی لە گەیەنی ئایدیاڵە (المثل) ئەدەبییەکان کردووە. شێوازە جیاوازەکانی جەپەنجەی خەیان لەسەر ڕۆمان بەجێهێشتوون.

ڕۆمان لە چەند ڕەگەزێکی گرنگ پێکهاتوە، لەوانەش: خەیاڵ، بیرکە، بابەت، گرێ، کەسایەتییەکان ـ مەرجیش نییە کەسایەتییەکان مرۆڤبن، دەشێت ئاژەڵ و باڵندە و شتی خەیاڵی ئەفسانەیی بن بە تایبەتیش لە ڕۆمانی هەرزەکاراندا ـ کات، شوێن، ڕووداوەکان، زمان، شێواز، دیالێگ، وەسف، گێڕانەوەگا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن (ڕامانبێژ ـــ

نووسەرەوە) ەوە. لە هەر ڕۆمانێکیشدا کەشێک یا زیاتر هەیە. پاڵەوانێک یا کارەکتەرێکی سەرەکیی ڕۆمانەکە، چارەسەری گونجاوی کێشەکان بکات. فانتازیاش یەکێکە لە فاکتەرەکانی جیهانی ڕۆمان و چیرۆک و هونەر. فانتازی بە شێوەیەکی ئەدەبی دەوترێت، کە مەیلی ئاوەزی هەیە، لە داب و نەریتی باو دابڕێت و کاری لە لاژیک بەدەر بکات.

زۆر بە کورتی و بە چڕی باسی گرنگترین ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان دەکەین:

١ـ بابەت: بابەت بریتییە لە بنەما و ئامانجی ڕۆمان. ئەو مەبەست و پەیامە خوازراوەیە کە ڕۆماننووس دەیەوێت بە خوێنەرانی ڕۆمانەکەی بگەیەنێت. بابەت ئەو پرسە بنەڕەتییەیە، کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. ڕۆماننووس دەبێت بزانێت، دەیەوێت چی بنووسێت. و چۆن و لە کوێوە دەستپێبکات. پەیوستە ڕۆماننووس زۆر وریابێت لە هەڵبژاردنی بابەتێکی مەدەرین و دانانی ناونیشانێکی گونجاو، تا سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت.

٢ـ ڕووداوەکان: ڕۆمان لە ڕەگەی زنجیرەیەک ڕووداوەوە دەردەبڕێت. ڕووداو ئەو کەرەستە وردەکارییانەن کە تێیاندا، پاڵەوان و کارەکتەرەکان دەژین. تا دەگەن بە کۆتایی ڕۆمانەکە. هەر ڕووداوێکیش کات و شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە. قەیرانەکان لە ڕۆماندا، سێ شێوازی بنیاتنان دەبینن، بەنام ڕیزبەندیی ئەم بەشانە، مەرجی پەیوست نین: (سەرەتا، پلەتەک "گرێ" ، کۆتایی) ڕووداوەکان بە یەکەوە گرێدراون. کە ڕۆماننووس بە شێوازێکی گەمانەوەی هونەری بە خوێنەرانی دەگەیەنێت. سەرچاوەی ئەم ڕووداوە یان ڕووداوانە، ڕۆماننووس لە ژیانی ڕاستی خۆیەوە وەریاندەگرێت و بە شێوەیەکی هونەری ئەدەبی، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکدا دایان دەڕێژێت.

٣ـ پاڵەوان و کارەکتەرەکان: لەوانەیە کارەکتەرە ئاساییەکان، بە درێژایی ڕەوتی ڕۆمانەکە، سیما و تایبەتمەندییەکانیان نەگۆڕێت. پاڵەوان و کارەکتەریش هەیە گەشا دەکات، کێچ بن یا کۆبن. کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەگۆڕێت، دەشێش گەمانکاری بەسەر پاڵەوان و کارەکتەرەکاندا بێت. پاڵەوان کارەکتەرێکی تەوریە لە ڕۆماندا. کەسایەتیکی نەرم و نیانە. تووانای گەمانکاریی و چارەسەرکردنی هەیە.

٤ـ کات لە ڕۆماندا: دوو جۆرە کات هەیە، یەکەمیان کاتێکی

گشتییە کە رووداوکانی رمانەکە تیدا رووددەن، وەک قەناغێکی دیاریکراو، وەک، سەدەیەک یان سالێک لە سالان. دووەمیان، ئەو کاتەیە کە ماوەیەکی دیاریکراو دەخاتەوو، کە رمانەکە تیدا رووددات وەک: رۆژێک لە رۆژانی دیاریکراوی مانگ.

٥ـ شوێن لە رمان: ئەمەش پەیوستی بە ئەوە هەیە، کە رمانووس سەردانی شوێنکانی رووداوکانی رمانەکەی بکات. بە ئەوەی بە وردی باسی بکات. بە ئەوەیش خوێنەران بتوانن لەگەڵ رووداوکاندا بژین، وەک ئەوەی راستییەکی راستەقینەبن.

٦ـ شێوازی رمان: ستایل یا شێواز بریتییە لە تەکنیک و لەو کەرەستە ئامرازە هونرییانە، کە رمانووس بە گێاندنی چیرۆکی رمانەکەی بە ئامانجەکانی بەکارایان دەهێنێت.

٧ـ دیالۆگ لە رمان: دیالۆگ بریتییە لە گفتوگۆ یان ئاڵوگۆڕی قسەکردن لە نێوان دوو کارەکتەر یان زیاتر لە کارەکتەرکانی رمانەکە. ئەرکی بنەڕەتی دیالۆگ، بریتییە لە پەیدانی بیرۆکەیەک سەبارەت بە رووداوکان. یەکێکیش لە پێکهاتەکانی دیالۆگی سەرکەوتوو، ئەوەیە رمانووس خەی لە هەڵەی کوشندە بپارێزێت. جاری واش هەیە، دیالۆگ لە شێوەی مۆنۆلۆگ دایە، پاڵەوان یا کارەکتەر لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت "لەبەرخۆیەوە قسەدەکات".

٨ـ گێانەوەی رمان: بەواتا گێانەوەی رووداوکانی رمانە لە لایەن رمانووسەوە بە نووسین. بە شێوازێکی زمانی پەتی و هونریی ئەوتۆ، کە لەگەڵ رووداوکانی رمانەکەی، لەگەڵ جەماوەرە فراوانەکەی ئەم رمانە دەخوێنێنەوە بگونجێت. لە بنەڕەتیشدا رمان پشت بە باسکردن و گێانەوەی دیالۆگ و ململانێی نێوان کارەکتەرکان دەبەستێت.

٩ـ زمان: زمان کەرستەی دەربڕین و گێاندنە. رمانیش لەرێی زمان و پەیڤکانەوە دادەڕێژرێت. پەویستە رمانووس، شارەزاییەکی باشی لە زمان و رەزمانی گەلەکەی هەبێت. چونکە سەرکەوتنی دیالۆگ بە بەکارهێنانی دروستی وشە و زاراوە و تەنی دەنگی گونجاو بەدەست دێت.

پەویستە رمانووسانی مەدەرن، ئەم راستییەش بزانن، کە مرۆڤی ئەم سەردەم، ئیتر باوەڕیان بە بوونی ئەو هێزە

نەبینراوانە و ئەو رەحانە ئەفسانەیانە نیە، کە لە رەمانە کلاسیکییەکاندا، توانای کەنتررۆی بوونەوەردنی بزووتنەوەی مرۆڤ و سروشتیان هەبوو. جیهانی ئەمڕۆ لە روانگەی مرۆڤی مۆدێرنەوە، بەپێی یاسا دەروونییەکان رەکخراوە. بۆیە ئەم داستانانە کە تێوانینیان لە بارەی گەردوون و خوداوەندەکانەوە لەخۆگرتوون، چیتر لەگەڵ هۆشیاری تاک و کۆمەڵگای نوێدا ناگونجێن. واتا وا پێویست دەکات کە رەمانووسان بە دوای ستایلی نوێی گێڕانەوەی رەماندا بگەڕێن و دابهێنن، کە لەگەڵ راستیی ئێستای سەردەم و بۆهاکانیدا بگونجین. (هیگل) ئاماژە بەوە دەکات، ئەدەبی سوارچاکی کە گوزارشت لە رەحی سیستەمی فیودالی (دەربەگی) و بۆهاکانی سوارچاکی و رمبازی و شمشێربازی باو دەکات. بەڵام سیستەمی فیودالی بەرەو کەمبوونەوە و نەمان بەتەوە. تا ئەو رادەیەی کە بۆهاکانی سوارچاکی بە ئەم سەردەمە نامۆ و کەمیدین و بوونەتە مایەی گاڵتەجاڕی. ئەگەر داستان کچی ئەو ئەقڵییەتە کەنێیە، بەڵام رەمان کچی ئەم ئەقڵیە مۆدێرنە نێیە، کە جیهانی جادوو و جنۆکە و خۆ ئەفسووناویکانی تێپەڕاندووە. دەبوو گەڵانکاری لە شێوازی گێڕانەوە و دەربڕین و ناوەرۆکە زانستییەکانی رەماندا رووبدات، تا رەمان وەنەی ژیانی راستی بکات و گوزارشت سەردەمکی نوێ بکات.

رەمانی هەرزەکاران:

بەپێی بەندی یەکەمی جارنامەی مافەکانی منداڵان، کە تەمەنی ستانداردی منداڵی دیاری کردووە.، منداڵ هەر کەسێکە ـ کچ یا کوڕ ـ کە تەمەنی لەژێر (١٨) ساڵدا بێت. ئەم ماوە تەمەنەش بەپێی گۆشەکردنی جێستەیی و دەروونی و ئەقڵی، کراوە بە چەند قۆناغێکەوە. یەکێک لەوانە قۆناغی هەرزەکاریە، لەنێوان (١٣ــ ١٨) ساڵانە. بە واتا "هەرزەکاری قۆناغی گواستنەوەی گۆشەی جێستەیی و دەروونی مرۆڤ، لەنێوان منداڵی و گەنجیدا رووەدات". ئەم گواستنەوەیە، گەڵانکاریە بایەلۆژیەکان، پێگەیشتنی سێکسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی لەخۆدەگرێت.
هەرزەکاری یان (نەوجەوانی)، سەردەمی زەینی پڕوردەیە بە هەموو مرۆڤێک. چونکە لەم قۆناغەدا کارامەیی و داهێنان و لە هەمووی گرنگتر خەون و خەیاڵکانیان دروست دەبن. خەیاڵیش پێویستیەکی بنەڕەتی داهێنانە. جیهانێکی گەورە و

فراوان لەبەدەم هەرزەکاراندا دەکرێتەوە و دەتوانێت بە ئازادی خۆیان بکات.
ئەدەبی هەرزەکاران، جەرگەکە لە ئەدەب، ئامانجی ئەو خوێنەرانەیە کە تەمەنیان لەنێوان دوانزە بە هەژدە ساڵە. کتێبەکانی ئەدەبی هەرزەکاران جیاوازییان لەگەڵ کتێبەکانی ئەدەبی منداڵاندا هەیە. کە چارەسەری بابەتگەلێکی زیاتر ئاڵۆز دەکەن. ئامانجیش خۆکێشیەکە کە زیاتر پێگەیشتوون. دەتوانن زیاتر تێبگەن و وەربگرن. لە ئێستادا رەمانی هەرزەکاران، لە ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوودا، ژانرێکی ئەدەبی فانتازی بەهێز و باڵادەستە. لە ئەمەدا بە سەدان رەمانووسی پسپۆر و بەناوبانگی بواری رەمانی هەرزەکاران لە جیهاندا هەیە. بە سەدان رەمانیان بە هەرزەکاران نووسیون و بە ملیۆنان دانەیان لێیان چاپکردوون و فرۆشراون. بێشکە زۆریان کراون بە فیلمی ئەنیمەیشن و بە فیلمی سینەمایی و بە زنجیرە دراماى تەلەفزیۆنی.
رەمان رەنگی گرنگی لە هۆشیاری و تێگەیشتنی هەرزەکارانی خوێنەردا هەیە. دەکرێت یارمەتییان بدات کە خۆیان لە جیهانی دەوروبەریان تێبگەن و بتوانن رووبەڕووی بڕهێستیەکان و کێشکانیان ببنەوە کە رووبەڕوویان دەبنەوە.
زۆر خوێندنەوە لە کاتی هەرزەکاریدا، دەتوانێت خێراتر و ئاسانتر هەرزەکان بخاتە سەر ڕێگای سەرکەوتن. لەکەسێنەوەکان دەریانخستووە کە ئەو هەرزەکارانەی کە جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە، کتێبی تر دەخوێننەوە، ئاگاری سەرکەوتنیان زیاترە لە داهاتوودا. هەرزەکاران بە خوێندنەوەی رەمان، توانای وشەسازیان زیاتر دەبێت. ئاستی زیرەکیشیان بەرزتر دەبێتەوە. یارمەتی ئەوشیان دەدات لە داهاتوودا، باشتر بیرەکانیان دەربڕن. ئاگاشیان لە لایەنە جیاوازییەکانی ژیان دەبێت و دەشتوانن بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ گرفت و کێشکانیان بکەن.
لەگەڵ پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری تەکنەلۆژیا و داهێنانی شتی سەیر و سەمەرە لە جیهانی ئەمەدا. ڕێنمایی هەرزەکاران ئاسان نییە کە لە یاری ڤیدیۆیی و مۆبایلە زیرەکەکانەوە، بەرەو کتێب و خوێندنەوە ئاراستە بکرێن. ئەگەر بتوانین هەرزەکاران تامەزرۆی خوێندنەوەی کتێب بکەین و بە باشترین ئەو ڕەمانانە ئاشنایان بکەین کە بە تایبەتی بۆ هەرزەکاران نووسراون، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئەمەڵ و داهاتوویان دەبێت. چونکە تامەزنی هەرزەکاری تامەزنی چەست و

چالاکییە.

ئایا ڕۆمانی هەرزەکاران لە ئەدبی هەرزەکارانی کورد سەری هەڵداوە؟


وەکو پێشتر وتمان منداڵ لە دایکبوونەوە، تا تەمەنی هەژدە ساڵان بە منداڵان دادەنرێت و ئەم ماوە تەمەنەش کراوە بە چەند قوناغێکەوە. ڕۆمان بۆ منداڵانی تەمەن تا (١٢) ساڵان، نە لە ڕووی دەروونی و ئەقڵی و هەزری و زمانەوە، نە ئاو پشوودرێژییەشیان هەیە کە ڕۆمان بخوێننەوە و بە باشی لێ مەبەست و لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەن. بۆیە دروست وایە کە بنووسرێت (ڕۆمان بۆ هەرزەکاران) یان (ڕۆمان بۆ مەردمنداڵان). یان (ڕۆمان بۆ نەوجەوانان). وشەی (هەرزەکاران) بۆ پەسەندتر دەزانم. ئەگەرچی هەندێک لەو ڕۆمانانەی کە بۆ هەرزەکاران نووسراون، پاڵەوانەکانیان لەژێر سیانزە ساڵیدایە. بۆ نموونە هایدی نە ساڵانی پاڵەوانی ڕۆمانی (هایدی) نووسینی خاتوو یۆهانا شبیری. (ئالیس) ی دە ساڵان، لە ڕۆمانی (ئالیس لە وڵاتی عاجباتیەکان) لە نووسینی ڕۆماننووس لویس کارڵ. (لولو) ی هەشت ساڵان پاڵەوانی ڕۆمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) نووسینی مامۆستا ئەمین محەمەد. (نازە)ی دەساڵان پاڵەوانی ڕۆمانی (نازیلەی مانگ و شازادەی خەڕ) نووسینی خاتوو پەیام ئیبراهیم.



ڕۆمانی نایلۆی مانگ و شازادەی خەڕ و نووسەر پەیام ئیبراهیم

نووسینی ڕۆمان بۆ هەرزەکاران، گرانترە لە نووسینی ڕۆمان بۆ گەورەساڵان، چونکە نووسینی ڕۆمانی سەرکەوتوو بۆ هەرزەکاران، پێویستی بە شارەزایی لە مەرج و لە بنەما پێویستیەکانی نووسینی ڕۆمان بۆ هەرزەکاران هەیە. پێویستی بە خەیاڵێکی فراوان و بە شێوازێکی هونەری نووسین و بە تەکنیکی داشتن و بە زمانێکی پەتی و دەوڵەمەندی کوردی هەیە، پێویستی بە شارەزایی لە

سایکۆلۆژیای هەرزەکاران هەیە.
تا ئێستا چەند نووسەرێکی کوردمان کە باسیان لە رۆمان بۆ هەرزەکاران کردووون، وەکو دکتۆر شۆخان ئاماژەیان بە دوو چیرۆکی چاپکراوی نووسەر و رۆماننوسی کوردمان مامۆستا (عەزیزی مەلا رەش) داوە. ئەو دوو چیرۆکەش (گورگ و بزن ـ ١٩٩٠) و (بەرە ـــ ١٩٩١) کە. بەڵام ئەم دوو چیرۆکە لە زۆر رووەوە، مەرجەکانی رۆمانیان تێدا نییە، سەرەڕای ئەوەش تا رادەیەکیش زمانێکی ناوچەیی بەکارهێناوە. ئەگەر ناوی رۆمان، لە هەر چیرۆکێکی درێژ بۆ هەرزەکاران بنێین، گەلێک چیرۆک و حیکایەتی فۆلکلۆری و میللی کوردی درێژمان بۆ هەرزەکاران هەیە.
مەبەستیشم ئەوە نییە، لە دەسەزی و هەوڵی مامۆستا عەزیز کەم بکەمەوە. کە نزیکەی (٣٤) ساڵ بەر لە ئێستا هەوڵی نووسینی رۆمانی بۆ هەرزەکاران داوە.
بە شانازییەوە دەڵێم، ئەمەی کورد چەندین کتێبی رۆمانووسی گەورەکانمان هەیە، کە چەندین شاکاری رۆمانیان نووسیون. هەندێکیان ناوبانگی ناوچەیی و جیهانیان هەیە. بەڵام بە داخەوە تا ئەمڕۆش نووسەرانی پسپۆری بواری نووسینی رۆمان بۆ هەرزاکارانمان نییە. وەکو پێویست ئاوڕ لە رۆمانی هەرزەکاران نەدراوەتەوە. کە رۆمانی هەرزەکارانمان نەبێت، کەواتا جمهوری خوێندکاری رۆمانی هەرزەکارانیشمان نییە. ئەگەر تاک و تەرا هەشبن، رۆمانی هەرزەکاران بۆ زمانی بێگانە دەخوێنەوە.
تا ئێستا لە دوو سێ رۆمان زیاترم نەبینیوە، کە بۆ هەرزەکاران لە زمانی بانیەوە وەرگێڕابێت بۆ سەر زمانی کوردی. چەند چیرۆکێکی درێژیان بۆ هەرزەکاران وەرگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام وەکو وتمان جیاوازی لەنێوان چیرۆک و رۆماندا هەیە.



رۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکە و نووسەر ئەمین محەمەد

خشبەختانە پرار، ساڵی (٢٠٢٢) ڕمانەکی کوردیی تایبەت بە هەرزەکاران، چاپکرا و بڵاوکرایەوە، کە ڕمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) یە لە نووسینی شاعیر و چیرکنووسی ناسراوی بواری ئدەبیاتی منداڵان، مامۆستا "ئمین محمەد".
پەموایە ئمە مژدەیەکی دڵخشکەرە بە سرهەدانی ڕمانی کوردی بە هەرزەکاران. لە ساڵی پاریشدا (٢٠٢٣) سێ ڕمانی تر بە کوردی بۆ هەرزەکاران، بە دوای ڕمانەکەی کچی دورگە بچکۆلەکەدا هاتن و چاپکران و بڵاوکرانەوە. ئەم سێ ڕمانەش، ڕمانی (نازیلەی مانگ و شازادەی خڕ)، لە نووسینی چیرکنووسی بەڕی منداڵان، ڕاگەیاندنکار، خاتوو "پەیام ئیبراهیم". من بە کورتی و بە چێی دوو نووسینم دەربارەی ئم دوو ڕمانە نووسیوە. لە سایتە ئلیکترنییەکان و لە گڤاری"ژیار" و لە گڤاری "دیالۆگ"دا بڵاویانمکردۆتەوە. یەکەمیان بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەک بە ڕمانی کچی دورگە بچکۆلەکە). دووەمیان (پەیام ئیبراهیم و ڕمانی نازیلەی مانگ و شازادەی خڕ). شاعیر و چیرکنووسی منداڵان مامۆستا (عەلی حەمەشید بەرزنجی) یش لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، دەربارەی ڕمانی کچی دورگە بچکۆلەکە، نووسینەکی بە ناونیشانی (ڕمانی کچی دورگە بچکۆلەکە و چەند سەرنجێک) لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و لە چەند سایتەکدا بڵاویکردۆتەوە. چەند لایەنەکی ئم ڕمانەی هەڵسەنگاندووە.
هەروەها چیرکنووس و و شاعیری بواری منداڵان، مامۆستا (سەردار قادر) یش دەربارەی ئم ڕمانەی مامۆستا ئمین، نووسینەکی بە ناونیشانی (گاریگڕیی زمان لە ڕمانی کچی دورگە بچکۆلەکە) دا، لە چەند سایتەکاندا بڵاویکردۆتەوە. کە تێیدا تیشکی خستۆتە سەر لایەنی زمان شارزایی و پاراوی مامۆستا ئمین لەم ڕمانەدا.
هەر لە دوای بڵاوکردنەوەی ئم ڕمانە، شاعیر و چیرکنووسی بواری منداڵان کاک (ڕستەم خامش) دیمانێیکی لەگەڵ مامۆستا ئمین محمەد سازداوە و لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" دا بڵاوی کردۆتەوە، مامۆستا ئمین لە وەڵامی پرسیارەکانی کاک ڕستەم دا، باس لە ئەزموونی نووسینی خێی لە بواری منداڵاندا دەکات. باسیش لە نووسینی ڕمانەکەی (کچی دورگە بچکۆلەکە) دەکات.



ڕەمانی جانتاکەی کارۆ و عوسمان دەروێش

ڕەمانی سێیەم بۆ هەرزەکاران، کە هەر لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، چاپکرا و بڵاوکرایەوە، ڕەمانی (جانتاکەی ئارۆ) یە، لە نووسینی شاعیر و چیرۆکنووسی بواری منداڵان کاک "عوسمان دەروێش"ە. هەر ئەم ڕەمانە لە ساڵی پاردا، لایەن نووسەر دکتۆر (جەلیل ئیبراهیم الزهیری) یەوە، لە کوردییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەربی بە ناوی (حقیبة آرو). بەڵام من تا ئێستا ئەم ڕەمانەی کاک عوسمانم پێنەگەیشتووە کە بیخوێنمەوە. بۆ ماسنجەرەکەشی نامەیەکم بۆی نارد کە بۆ (پی دی ئێف) ڕەمانەکەیم بۆ بنێرێت. بەڵام تا ئەم نووسینەم هیچ وەڵامێکی نەداوەتەوە. دووبارەش پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە کاک عوسمان دەروێش دەکەم.

ڕەمانی چوارەم بۆ تازەلاوان، ڕەمانی (زەبرایەک لە دارستانەکانی سوید دا) لە نووسی شاعیر و چیرۆکنووسی بواری ئەدەبی منداڵان، مامۆستا (ئاکۆ محەمەد سابیر)ە. تیراژی (١٠٠٠) دانە و لە ساڵی (٢٠٢٣) لە شاری (بانە) لە ڕژهەڵاتی کوردستان چاپکراوە. مامۆستا ئاکۆ بۆ (پی دی ئێف) بۆی ناردم. ئەم ڕەمانە (٢٤) بەشە، پاڵەوانەکەی (ئادەم) کوڕێکی منداڵە تەمەن نزیک (١١) ساڵانە. لە ڕووی بیرکەوە هانی منداڵان دەدات بۆ ئاژەڵدۆستی. بە داخەوە ئەم ڕەمانە پڕە لە هەڵەی ڕێنووسی و زمانەوانی. پێیامەکەشی بۆ شۆڕیەک گەیاندووە کە لەگەڵ خواستی منداڵانی کورد و لەگەڵ داب و نەریتی کوردەواریدا گونجاو نییە. بریا ئەوەندە پەڵەی نەکردایە لە چاپکردنی ڕەمانەکەی و پێشانی نووسەرانی شارەزای ڕەمانی بدایە، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترین پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە مامۆستا ئاکۆ سابیر دەکەم.



بەرگی یەکەم دووەمی رۆمانی ملوانکەی ئەفسوناوی بە هەرزەکاران ـ ئەمین محەمەد

بە مامۆستا ئەمین محەمەد، کە بە (پی دی ئەف) ڕۆمانکەی بەم نارد. جوانترین دڵستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکەم. لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتی ڕابردوودا، نووسینەکم بە ناوی (خوێندنەوەیەک بە ڕۆمانی ملوانکەی ئەفسوناوی) نووسی لە سایتەکاندا بڵاوکردەوە. ئەگەر یەکێک ئارەزووی خوێندنەوەی ئەو نووسینەم بکات، ئامادەم کە بە ئیمەیلەکەی ببینەرم.

ڕۆمانی ملوانکەی ئەفسوناوی، لە ناونیشانکەیەوە و لە سەرەتاوە بە ئەفسون دەست پێدەکات، هەر بۆیە ئەفسونیش چارەسەری ڕووداوەکان دەکات و کۆتایی دێت. ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانکی خەیاڵیی فانتازییە، لە هەمانکاتیشدا ڕۆمانکی خەیاڵی زانستییە و ڕۆمانکی داهاتووە (جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕۆمان) لەو پێنج ڕۆمانە بە هەرزەکاران ڕۆمانی ملوانکەی ئەفسوناوی جوانترین و هونەریترین و فانتازیترین ڕۆمانی کوردییە بۆ هەرزەکاران، لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئاستکی بەرز دایە.

دەتوانین بڵێین، کە ڕۆمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) بۆ هەرزەکاران و ساڵی (٢٠٢٢) بە ساڵی سەرهەڵدانی ڕۆمانی هەرزەکاران لە ئەدەبی هەرزەکارانی کورد دابنێین. دەستپێشخەری و شانازیش بۆ مامۆستا ئەمین محەمەد دەگەڕێتەوە. هیوای ئەوە دەخوازم کە نووسەرانی شارەزای تر، بەنە ئەم بوارە و خۆیان تاقی بکەنەوە و ئاوزەنگی لە ئاسپی تواناو و شارەزاییان بدەن. بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕۆمانی هەرزەکاران لە ئەدەبی هەرزەکارانی کورد بکەوێتە ڕێ و خۆی بگەیەنێت بە کاروانی ڕۆمانی هەرزەکارانی گەلان. ئەگەر بمانەوێت شتێک نیە ناوی ئەستەم و نابەت بێت.

ئاستا دەتوانین ئەوە بڵێین کە (ڕۆمانی هەرزەکان) لقێکە لە

ئەدەبی کوردی. دەتوانین.

ژانرێکی تر بۆ ئەدەبی کوردیمان زیادبکەین بۆ ناوی (ئەدەبی هەرزەکارانی کورد). وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، لە ئەدەبی منداڵانی کورد و لە ئەدەبی لاوانی کورد جیابکرێنەوە، چونکە قەناغی هەرزەکاری لە زۆر رووەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە.



لەو باوەڕەدام کە کوردێکی کەم، ناوی کچێکی بلیمەتی کورد و جیهانی، بچووکترین ڕەماننووس لە ئوروپادا، لەوانەشە لە جیهاندا (بەفرین شادەست کەریمی) ی بیستووە. ئەم کچە جوان و زیرەک و بلیمەتەمان. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. باوکی (شادەست) بە هۆی خەباتی پێشمەرگایەتییەوە، ماوەیەک لە شارچکەی (کەلار) نیشتەجێ دەبن. تەمەنی بەفرین چوار ساڵ بوو، وەکو پەنابەر خانەوادەکەی ڕوویان لە نەرویج کرد و لە شاری (ئەسکەر)ی پایتەختی نەرویج گیرسانەوە.

بە فرین لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بە خوێندنەوە و بە نووسین فێری زمانی نەرویجی بوو. بەفرین لە پێلی چواری قوتابخانەی بنەڕەتیدا، کە تەمەنی (٩) ساڵان بوو، چەند شانەیەکی بە زمانی نەرویجی بۆ قوتابخانەکەیان نووسی و دەریانهێنان و لەسەر شانۆدا نمایش کران. جێی سەرسوڕمانی مامۆستاکان و هاوڕێکانی بوون.

بەفرین کەریمی کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دا، کە تەمەنی (١٠) ساڵ بوو، لە پێلی پێنجی بنەڕەتیدا بوو، بە یەکەم جار ڕەمانێکی بە هەرزەکارن، بە زمانی نەرویجی نووسی بە ناونیشانی (ماریا و زدایکی) بە زمانی پێتی نەرویجی نووسیوێتی کە (٧٠) لاپەڕەیە. لە هەمان ساڵدا بیان چاپکرد و بڵاویان کردەوە. بەفرین لەم ڕەمانەدا، باس لە کێشەیەکی جیهانی دەکات. کە کێشەی لێک جیابوونەوەی ژن و پیاوە، کە منداڵەکانیان دەبنە قوربانی و باجی لێکتری جیابوونەوەی دایک و باوکیان دەدەن.

دەبێت چارنووسی ئەو منداڵانە لە سایەی زەردایکدا چۆن بێت؟ پاڵەوانی سەرکی ئەم ڕمانەی بەفرین کەریمی، کچێکی تەمەن دە ساڵ و نیوە و ناوی (ماریا) یە. دایک و باوکی لەیەکتری جیادەبنەوە و دەکەوێتە بەردەست زەدایک. ئەم ڕمانە بووە بەجێی سەرسوڕمانی هەموو خوێنەرانی نەرویج، کە کچێکی (١٠) ساڵانی کورد، ڕمانێکی نایابی وای بە زمانێکی پەتی و شیرینی نەرویجی بنووسیت. کە تا ئێستا شتی وا لە منداڵانی نەرویج و ئەوروپاش نەوشاوەتەوە. بەفرین ئەندامی کۆمەڵەی منداڵانی کورد ـ لە نەرویج بوو. هەر لە پێنج و لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا، دەستی بە نووسینی ڕمانی دووەمی بە زمانی نەرویجی کرد، ئەم ڕمانەی لەژێر ناوی (باوکە ئەژدیهاکە) دایە، لە تەوابوونی نزیک ببووەوە، بەداخەوە کە تووشی کارساتی وەرگڕانی ئەتەمبەلەکیان بوو. بە سەختی بەبەی پشتی بریدار بوو، لە مردن گڕایەوە. سە نەشتەرگەریی پشتیان بەی کرد. ساێک لەسەر عەرەبانە بوو. بەفرین کەریمی لە ئێستادا، بەوانامەی ماستەری لە سەسەلەژیدا وەرگرت. نیازی بەدەستهێنانی بەوانامەی دکتەرایە.

کتێبی ڕمانکەی بەفرین کەریمی (ماریا ئێگ ستیمورەن ـ ماریا و زەدایکی) لەلامە. ئەگەر درەفەتم بە بەخسێت، نیازم وایە وەریگێڕم بە سەر زمانی کوردی.

ئەگەر بوایە بەفرین کەریمی ئەم ڕمانەی بە کوردی بنووسیایە. دەبوو بە یەکەم و بە بچووکترین ڕمانووسی ئەدەبی هەرزەکارانی کورد. چونکە (١٥) ساڵ بەر لە ئێستا ڕمانی (ماریا و زەدایکی) نووسسیوە و چاپیکردووە. ئەگەرچی خانەوادەکەی بەفرین لە ماڵەوە بە کوردی قسەدەکەن و بە زاریش کوردییەکەی بەفرین باشە. بەڵام ناتوانێت بە کوردی بخوێنێتەوە و بنووسێت.

(*) بە نووسینی ئەم بابەتەم کەم یا زەر، سوودم لە چەند سایتێکی ئینگلیزی و نەرویجی و عەرەبی وەرگرتووە.

ڕزا شوان

دوبەی: ٢٠٢٤

کتێب: شتی زمان، لە پێناو تەئویلکردنی دەق.. نووسەر: عەبدولموتەلیب عەبدوللا

بابەت: لێکۆڵینەوە

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Mutalib_ShariZmanDownload

نادیموکراسی.. دیموکراسی.. سامانی وشتا بکر

دیموکراتی واتا دەسەڵاتی گەل بەڵام کاتێ گەل ناهۆشیار بوو چی؟ ئەی ئۆگەر دیموکراسی چارەسەری کێشەکان نەکا جگرەوەی چیە؟

دیموکراسی: بە یۆنانی بە واتایی: "فەرمانڕەوایی گەل" شێوازێکی فەرمانڕەوایە کە هەموو هاوڵاتیێکی "شیاو" بە یەکسانی تیایا بەشدار ئەبن، کە بەیارمەتی کەسانێ هەڵبژاردنی بگەرد وەرئەگیرێن. کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی لەخۆئەگرێت، کە ڕێگە بە هاوڵاتیان ئەیات چارەنووسی ئامیاری بە ئازادی و یەکسانی دیاری بکەن، هەروەها یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسی بریتیە لە "بەرپرسیارت"، کە دەبێ لە سیستم بگیرێت و وشیاریت زالبێت بەسەر زەبر و توندوتیژیا.
دەستەواژەی دیموکراسی لە وشەی یۆنانی "دیموکراتیا" وەرگیراوە، کە وشەی یۆنانییەکە لە دوو بەش پێکهاتووە "دەمۆس" واتە گەل و "کراتین" واتە فەرمانڕەوایی. بەمانای "فەرمانڕەوایی گەل". چەندین شێواز لە دیموکراسی هەیە، بەڵام دوو شێوازی بنەڕەتی هەیە، کە هەردووکیان هەوڵ ئەیەن بە چەندێتی بڕیەنەمانی داواکاری هاوڵاتیان، یەکێک لە شێوازەکانی دیموکراسی، بریتیە لە

دیموکراسی ئاستەوخۆ کە ڕێگە بە هەموو هاوڵاتییەکی شیاو ئەیات بەشداری ئاستەوخۆ و کاریگەر هەبێت لە بڕیاران لە پێکهێنانی حکومەت، وە یەکێکی تر لە شێوازەکانی دیموکراسی، بریتیە لە دیموکراسی نوێنەرایەتی کە لە زۆربەی دیموکراسییە مۆدێرنەکان بەدی ئەکرێت کە هەموو هاوڵاتییەکی شیاو لە بڕیارانا دەسەڵاتی باڵادەست ئەمێنێوە بەڵام دەسەڵاتی ئامیاری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان بە نوێنەرایەتی جەماوەر ئەکرێت.

هاوڵاتی شیاو:
هاوڵاتی شیاو بەکەسێک ئەوترێ کە لەووی تەمەنەوە و توانای بڕیاردانی هەبێ بە هەڵبژاردن و دیارکردنی نوێنەرایەتی حیزب، ڕێکخراو یان کەسێک تا دەسەڵاتی خۆی پێببەخشێ و بنوێنەرایەتی بەشداری لە دەرکردنی یاسا و بەڕێوەبردنا بکات.

دەنگدەری شیاو:
بەکەسێک ئەوترێ کە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و تێگەشتنی بە لێکدانەوەی بابەتەکان هەبێ و بتوانێ شرۆڤەیەکی ژیرانە بە گفت و گوتاری حیزب، ڕێکخراو، کەسایەتیی کاندیدەکان بکات و نەکەوێتە ژێر هەژموونی هەست و سۆزەوە.

هەڵەی شیاو:
مەخابن ئەوانەی کە ئەنجامی پرسەی دەنگدان و دیموکراسی "فەرمانڕەوایی گەل" یەکلایی ئەکەنەوە هاوڵاتی شیاون نەک دەنگدەری شیاو کە ئەمەش بە گەورەترین و پڕ کێشەترین پرسەی دیموکراسی ئەزانرێت بتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و تازە گەشەکردووەکانا چونکوم ڕۆژی هاوڵاتی شیاوچەندین جار بڕامبەر بە دەنگدەری شیاو بەڵام ئەمە لە ڕۆژئاوا جیاوازترە.

جۆرەکانی دیموکراسی:
*دیموکراسی میللی یان ئاستەوخۆ، ئەمە زیاتر بە "ئەثینی" یان دەسەن ناو ئەبرێت لە کەی جیهانا بوونی نییە.
*دیموکراسی سۆسیالیستی، ئەم جۆرە لە دیموکراسی سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە.
*دیموکراسی مەسیحی و ئاینەکانی تر، لەڕیا ئاین ئەبە بەسەرچاوەی کەی یاسا و دەساکان و ئازادی بەرتەسک ئەبەتەوە.
*دیموکراسی لیبڕال، ئەم نمونەیە ساڵانی زوو زیاتر لە سویسرا و وڵاتانی ئەسکەندنافیا جەماوەرەکرا و بەڕام لە ئەستایا کامبەتەوە.

*دیموکراسی ناوەندی، ئەمیان خراپترین جۆری دیموکراسییە کە شوێعییەت بۆرهەمی هێناوە، لەریا دەسەڵات لای ئەنجومەنی سەرکردایەتییە و گەل ئەبێ گوڕایەبێ.
زۆر جۆری تری دیموکراسی هەیە، بەڵام بە گشتی دابەش ئەبێ بەسەر دوو جۆرا:
١. دیموکراسی ڕاستەخۆ. ڕێگە بە هەموو هاوڵاتییەکی شیاو ئەیات بەشداری ڕاستەوخۆ و کاریگەر هەبێت لە بڕیاردان لە پێکهێنانی حکوومەتا، ئەم جۆرە لە دیموکراسی لە زۆرێک لە وڵاتەکان دەستی تێئەخرێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی هاوڵاتی لاوازئەکرێت.
٢. دیموکراسی نائاستەوخۆیان دیموکراسی نوێنەرایەتی. کە لە زۆربەی دیموکراسییە مەدەرنەکان بەدی ئەکرێت، کە هەموو هاوڵاتییەکی شیاو لە هەڵبژاردنی نوێنەران لە دەسەڵات بەشدار بن، بەڵام دەسەڵاتی ڕامیاری بە شێوەیەکی نائاستەوخۆ لە لایەگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان جێبەجێ ئەکرێت. دیموکراسی نائاستەوخۆ ئایدیەلژیا و بنەما و ڕەبەاز و مەبدەئ نییە، بەڵکو کۆمەڵێک وتن و بۆچوونێکی سیاسی هاوبەشە، هەموو لایەک کەکن لەسەری، بۆیە ئەو هەموو دەخە وەرئەگرێ.

نادیموکراسی خودی دیموکراسی:
وەک پێشیتر پێناسەکرا کە دیموکراسی واتای "فەرمانڕەوایی گەل"ە، واتا ئەبێت گەل هاوبەش و یەکسانبن و پێکەوە فەرمانڕەوایی بکەن، بەڵام هەر بەپێی ئەو واتایە و لە سیستمی دیموکراسیا نادادی و خەسپاندن ئەسپێنرێ، زۆرینە کەی مافەکانی بڕامبەر هیچی کەمینە ئەسپێنن و لە هەموو لایەکیشەوە دانی پیائەنرێ.
نادیموکراسی بوون لە خودی دیموکراسییا ئەوێیە کە ڕێ بە زۆرینە ئەیات مافەکانی کەمینە پێشێل بکات، زۆربەی کات کەمینە یان نوێنەی ژمارەدەست مافەکانی ئەخورێت و بەدەنگەدان و بە شێوەی دیموکراسی بەدڕاوی یەتەدەرێ بە نمونە دیموکراسی لە "عێراق، تورکیا و ئێران".
لە عێراقا بە دیموکراسی و حوکمی زۆرینەی نوێنەرانی مەزهەبێکی دیاریکراو لە نوێنەی سەردەست، لەگەڵ بوونی دەستورێکی دانپیانراوا، کەچی بەردەوام شیعەی باڵادەست لەسەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە بەدیموکراسی مافەکانی سوننە و کورد پێشێلکا، ئەوەشی بەدەنگەدان بێیان نەکرێ لە لایەگەی دادگای بناو فیدراڵییەوە ئەسپێنن چونکوم زۆرینەی ئەو دەزگایەش سەر بەوانە.
لە تورکیا بە دەنگەدان و دیموکراسی لە لایەگەی هەردوو دەزگای پەرلەمان و دادوەرییەوە مافەکانی کورد لە و وڵاتە نەک پێشێل

ئەکرێ بەکو تا ئاستی سینووش ئەوات، لە تورکیا زمان و کلتور، خاک و نیشتمان، هونەر و ئەدەب هەمووی لە پەرلەمان و لە دادگاکانەوە لە کورد قەدەغەئەکرێ، لەواستیشا بەدیموکراسی لە یەکی نوێنەرێ هەبژراوکانەوە جیاجیئەکرێ، کە کەی ئەو کارانە نادادی و چەوسانەوە و سینووە و نکۆلی کردنە لە مافی گەلی کورد، بەڵام کەمێگەی نەودەوەتی تەنها سەرنجی لەسەر دەرەبەڕ وئامادەنییە هیچ پەستانێک بخەنە سەر تورکیا لەبەر دوو هۆکار: هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە پرسەکە لە پەرلەمان و دادگاکانەوە بە شێوەیەکی دیموکراسی و یاسای جیاجیئەکرێ. هۆکاری دوەمیش بەرژەوەندی هاوبەشە لەگەڵ ئەو وڵاتە و دیموکراسی ئەکرێ بە خراکی بەرژەوەندییەکان.

دیکتاتۆر لە دیموکراسیا:

دیموکراسی ڕاستەوخۆ یان میللی کە زیاتر بە "ئاثینی" ناسراوە و گەل بە یەکسانی فەرمانڕەوایی ئەکەن لە ئاستایا بوونی نەماوە و ئاگەر هەشبێ زۆر دەگمەنە. لە سەردەمی ئاستایا هەڵە تووندڕەوەکان، ئایینی و مەزهەبەکان، دژە فریی و نەتەوەپەرستەکان لەناو سندوقەکانی هەبژاردنەوە و بەدەنگی زۆرینە و لە پەرلەمان کەی خواستەکانیان بەسەر کەی پەکهاتەکانیترا ئەسپێنن، کە بەداخەوە لە ئاستایا ئەم دیاردەیە وڵاتانی ڕۆژاواشی گرتۆتەوە، نمونەی سوید، ئیتالیا، هەنگاریا و ڕووسیا لە هەڵکاشانی زیاتریشە، گومانئەکرێ کە لە ئاگەری هەبژردنەوەی دەنالد ترمپیشا ئەمریکاش بگرێتەوە.

وڵاتانی هاوشێوەی ڕووسیا، ئێران، وڵاتانی جیابوەوە لە یەکێتی سۆڤیەت، تورکیا، ڤەنزویلا، چین....هتد ئەم وڵاتانەش بە سود وەرگرتن لە دەنگدان و لاژەر پەردەی دیموکراسیا درۆژە بە دەسەڵات و مانەوەی دیکتاتۆرەکانیان ئەیەن.

زۆرەملێی دیموکراسی:

ئەوەی لەسەر دیموکراسی زانراوە ئەوەیە کە هەر کەسێک بەپێی خواست و حەزەکانی خۆی، بەبێ ترس و بێ ئاشکرا، کە دژ بە بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی نەتەوەی نەبێ، ئەوەی بباشی ئەزانێ ئەنجامی بات، جا لەناو پرسەی دەنگداندنەوە یان نوسراو یان هەر شێوەیەکی تر کە گونجاوبێت، بەڵام ئەمە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوا و ڕابەرانی دیموکراسی جیهانی لە هەموو کاتێکا وەک خۆی جیاجیە ناکرێ، بە نمونە نوسین و بڵاوکردنەوە دژی هاوگەزبازی ناگەپێیراو نییە، نابێ بە ئاشکرا بەکەسی هاوگەزباز بوترێ کە ئازووی هاویەتی یان پیاسەکردن ناکەی لەگەڵی لەبەر ئەوەی هاوگەزبازە، خۆ ئەگەر ئەوێت پەووت ئەتوانێ ڕووبەووی دادگات بکاتەوە، ئەگەر لە مناڵان

بپرسرێ کە ئایا چۆن لە هاوکێشەگۆڕبازی ئەوانن و لەوانە، ئەمان بۆچی ئەو کارە بەباش نابینن ئەوا باوک و دایکەکانیان بانگئەکرێن بۆ لێپێچینەوە، بەدیوکیترا ئەبێ هاوکێشەگۆڕبازی قبوڵکرێ ئەگەر لەناخیشا دژبێ، ئەمەش پشتڵکردنی ئازادی تاکە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیا یەکناگرێتەوە.

جەنگرەوەی دیموکراسی:

بەهەڵکاری ئەوەی کە دیموکراسی ڕاستەوخۆی میللی "ئەثینی"لە ئیستایا بوونی نییە و پرسەکە نوێنەرایەتی خودی واتا و مەغزای ناوەکی ناکات و لە ئێستایا "دەوڵەت- نەتەوە" لە هەموو جیهان بچێی و تەنانەت لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئسکەندەنافیاش تەخ بەتەوانە و شێ لەسەر دیاریکردنی هێڵی سنوورە ئەتنیکییەکان بڕدەوامە. ئەوا ئەکرێ بە کەمێک سەرنجەوە "کەنفیدرالیزمی دیموکراتیک" جەنگرەوەبێت.

ئەگەر بەدوای چارەسەرا بگەڕێین بەتایبەتی بە ئەو وڵات و شوێنانەی کە زیاتر لە نەتەوەیەک یان ئاین و مەزهەبێک بوونی هەیە ناوچە کوردستانیە دابەشبراوەکان یان عێراق، تورکیا، ئێران، سویسرا، ئەکرانیا...هتد، ئەوا کەنفیدالیزمی دیموکراتی باشترین چارەیە وە، بە کرداریش لە ڕۆژئاوای کوردستان جێبەجێ کراوە و سەرکەوتووشە، لە سیستمی کەنفیدرالیزمی دیموکراتی بەپێی پێکهاتەکانە نێک زەرینەو کەمینە یان نەتەوەی زاڵ و سەردەست وەک عێراق، ئێران ، سوریا و تورکیا.

مەدیلی نەتەوە – دەوڵەت لەگەڵ سروشتی کەی پێکهاتەی کەمەگاکانی خەرهەڵاتی ناوین ناگونجێت نێک تەنها کورد. لە ساڵانی پێشووترا ووردە ووردە لەکەی جیهانا کار لەسەر کاکردنەوەی نەتەوە و سنور ئەکرایەوە و زیاتر گرنگی بە مرۆڤ بوون ئێرا بەڵام بەداخەوە ماوەیەکە پێچەوانەکەی ئەبینین بەتایبەتی لە دوای کرۆنا و هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا و شەڕی ڕوسیا-ئەکرانیا و بەهەزبوونەوەی هێزە نەتەوە پەرستەکان دەوڵەت- نەتەوە زەر تەخ بەتەوە و کاریشی پێئەکرێ.

لە مەدێلی کەنفیدالیزمی دیموکراتی ئەکرێ هەر نەتەوە و پێکهاتەیەک لەبەری ئەوەی لەناو گلۆبالیزم یان ئیمپراتۆریەتی نەتەوەی باڵا دەستا بتوێتەوە، بەپێچەوانەوە درۆژە بەبوونی خەی بات و گۆشش بکات، بەڵام ئەمە تەواو جیاوازە لە مەدێلی نەتەوە –دەوڵەت، کە لێرەیا هەموو نەتەوە بچوکتر و کەمینە و پێکهاتەکان ئەبن بەخۆراکی نەتەوەی سەردەست، نێک هەر گۆشش ناکەن بەکو هەدی هەدی بڕەو توانەوە و لەناوچونیش ئەچن. بەبارکیترا ئەگەر باس لە سیستمکی دیموکراتی ڕاستقینە بکەین ئەوا ئەبێ باس لە مەدێلی

کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی بکەین بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە نەتەوە و پێکهاتەی جیاوازی تیایە بەڵام ئەمیش بە ئەنگی نییە کە لەڕیا بوار بە باسکردنی نییە.

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢٤-٢-٢١
سوید-ستۆکهۆڵم

عاشقی نادیار.. شیعر: هادی زینەتی.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

شەیدای فەرامۆش کردنی
یادی تۆ منم
هەر شەوێک لە بەن عەتری تۆ
ئاگری پوشاکم
هەر وەک" با" ی بە ڕەگەز و جۆ
من ئاوارەم
تۆ دەریا
من پاپۆڵەی بە سەرنشینم
عاشقێکی نادیار
بۆ تۆ ، بۆ کەس و ئاشنایانم
بۆ ئاگا کە ڕەشتی ئەی هاوسەفەرم
بۆ تۆ بۆ لانە و ناو و نیشانم
شەتەتی عەشق لەگەڵما
هەر شەوێ بەرەو لای تۆ سەفەر ئەکا
ئەم دڵە جار و بار وەک درەخت
ئارەزووی " تەور" ئەکا
ئاخر شەتەتی عەشقە
باوەڕ کردن وون ئەکا
لە قەفەسی تەنهایی رزگارم کە..وەرە گیانەکەم

وەرە کە بەزامم.. بۆ ئامانم
وەرە کە لێم شارێیا
عاشقێک جگە لە خۆم ، نابینم

چەند تیرێژە چیرۆکێک/ نەوزاد بەندی

__1__

قەراغ شار

لە کۆنانکی قەراغ شار ، دوو هەڤ و هەیوانکی کەی ، وەک بەی خەی لە کرچتیی شاردوە ..

دراوسێی لای ڕاستی سواکەر بوو ، یەکێک بوو لە وەزعباشکان ..

دراوسێی لای چەپی توجار بوو ، ژنێ بەی پگرت ، لێی پرسی :

___(تۆ چ کارێی ؟)

___(لە خستەخانەم)

___(ئۆ ئۆ ..کەواتە ئەتوانی شرینقە بوشنی ؟)

ئەگەر بێ من ئیش لسەر چاندنی بکتریا ئەکەم ، ژنگە بتەقتەوە بسەریدا و بێ : کە ماموابە تۆ میقرباتی قوتو ئەکەیت و خۆک نەخۆش ئەخەی ؟؟

ئینجا وەرە تێی گەیەنە ..

___(نا نا .. لە خستەخانە بلیت بەم ..)

___2___

مەم

تازە بەفرگرێی ئەلەکتریکیی هاتبووە شارەوە ، خەڵکەکە وا لێی تێگەیشتبوون کە ئەبێ مەڵەک و دوو سندوق تەماتە و بامە و ..سێ چوار سەروپێی تێ بکرێت بە زستان ..واتا ئەبێ پێ بکرێ ..

باوکی ئەمیش لەبەرئەوەی هاوڕێیەکی قسری کێی و لە حەوشە بەستنیەوە ، هەتا بە زووترین کات سەریانبڕێ و داخێی پیرە بەفرگریان بکات ..

ئەو عەسرە ئەم هەر خێی لە ماڵەوە بوو ..دەور و خولی مەڵەکانی دا ، پێتی یەکەکیانی کردەوە ، هەتا وەک فیلمەکان پیاسەیەکی لەگەڵدا بکا .. مەڵە هار بوو ، وەک سوسکە فرتێی بە کرد و لە کەڵان هەڵیتیزاند ..

ئەمیش مەرمناڵەکی یانزە ساڵان ، هەر ئەوەندەی پێکرا وەک تەسکەی تفەنگ هایکردە کەڵان ، لەو سەری کەڵان ، مەڵەکە هاوستابوو ، کە ئەمی بینی ، بە چوارناڵە ، لە چاو ونبوو .. وەک تەما هەک ، دوای کەوت .. لە پشت مالێی ئازاد شەوقی شەوکار ، پارچە زەمینەکی بەتاڵ هەبوو ، مەڵەکە لەوە گیری خوارد . . ئەملاولای لەگەرت .. مەڵەکە چاوی تێ بڕی ،وەک ئەوەی پێی بڵێ : وازم لێ بێنە ، تەحەمولی ناو بەفرگرێ ناکەم ..!

سوودی نەبوو ، شەقەکی گرت .. بە دەستەکەی تریشی پێتەکە …مەڵە خێی توند کرد ، ناچار هایکەشا ..

لە ژێر لەویشەوە پەزشی بە دەنایەوە : (وەڵاهی نەتبەمەوە ، شکم نییە باوکم سەرم ئەبڕێ .. گەشتیشم ناخورێ .. بەس نییە تێ گەشتت ئەخورێ ؟ هیچ نییە ، با هەتا زستان لەناو بەفرگرێدا لێی بخەوی !)

__3__

خزم

نزیکەی شەش سەعات بوو بە یەکتری ناساندبوون ..ئەمیان لە بنەماڵەی خەزانەکەی بوو ..ئەوەی تریان لە بنەماڵەی خێی بوو …ئەستایش لە پرسەکەدا ، لە تەنیشت یەکەوە هاوستاون و جار جار قسێ ئەکەن ..دەنیایە کە باسی ئەم ئەکەن ، چونکە تاکە شت کە هەردووکیان بیناسن ، ئەمێ .. واتا تاکە کەلکەی هاوبەشی نەوانیان ، ئەمێ ..بەجگە لەم ، ئەبێ باسی چی بکەن؟ بە تایبەت جار و بار

نیگایەکیان ئەگرتە ئەم ..بەو پێیەی نیگاکانیان توند بوو ، پەدەچوو زەر خراپ باسی ئەم بکەن ..یەک دوو جار ویستی هەستێت و بەوات داکەکیی لە خەی بکات ،بەڵام سودی نەبوو ، چونکە پە دەچوو چرکە بە چرکە زیاتر باسی ئەم بکەن ، بە جۆرە کاربگاتە ئەوەی قسەی ڕاق و جنەویشی پەبدەن .. هەر بۆیە باشتر وابوو دان بەخۆیدا بگرێ ..بەڵکو بەخۆیاندا بچنەوە ..بەڵام لەوە نەدەچوو سودی هەبێ ..چونکە تا دەهات زیاتر قسەیان (ڕەنگە)دەربارەی ئەم ئەکرد و ..لەوە ئەچوو نیازیان وا بێ تەنانەت لێیشی بدەن ..!